# ئەو دەمەی مرۆڤ دڵسۆزانە ستران دەچڕێت.*

–خوێندنەوەیەکی گشتیی بۆ پەنجاو سێ سترانی عاشقانەی شەمس لەنگەروودی–

**محەمەد کوردۆ**

بەیانی، بە سواری شەمەندەفەری ئەستێرەکانی سپێدەوە هات.

تۆ نەهاتی،

چۆلەکە چاوەڕوانەکان

لەدەوری ماڵەکەی من نیشتنەوەو

لەگەڵ هاتنی هەر سێبەرێکدا دەلەرزین..

تۆ نەهاتی،

شیعر لە دڵمەوە بۆ زارم

لە لێوەکانمەوە بەرەو دڵم هەڵفڕی..

تۆ نەهاتی،

هەتاو

لەسەرووی سەرووەکانەوە تا ئەو سەری شەقام ڕۆیشت..

تۆ نەهاتی،

تەم دەزانێ،

کە دەبێ هەستێ و

بەرەو ماڵی خۆی بێتەوە

لە سینگی مندا.

***

ڕەنگە لەزەتی دۆزینەوەی دنیای شاعیرێکی گەورە، زۆر لە لەزەتی دۆزینەوەی کیشوەرێکی وەکو کیشوەری ئەمریکا کەمتر نەبێت. کۆلۆمبس لە سەر زەوی ئەو کیشوەرەی دۆزییەوەو ئێمە لە ناو کاغەزو وشەو خەیاڵو فەنتازیادا دنیای تایبەتی شاعیرو نووسەران دەدۆزینەوە.

زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە کە مرۆڤ چەند بوونەوەرێکی سەیرە، وەکو مەحوی دەڵێت: ((بوونی بە قەترە ئاوێکەو بەدەرچوونی بایەکە مردنی))، کەچی لە زۆر باردا هەستدەکات دنیا بەو هەموو گەورەیی و زەبەلاحییەی خۆیەوە بەشی خەونەکانی ئەو ناکات، هەستدەکات دنیا

بەو هەموو فراوانیی‌و بێسنووریەی خۆیەوە جێگەی ئەوی تێدا نابێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە مرۆڤ نەك خۆی، ئەو زەوییەش وا لەسەری دەژی گەردێکی بچوکە لەنێو گەردوونێکی گەورەدا. لێرەوەیە خەونی دروستکردن‌و دۆزینەوەو گەیشتن بە دنیای دی دەبێت بەیەکێك لە گەورەترین خەونە قووڵەکانی مرۆڤ. دۆزینەوەی دنیای دی لەسەر زەوی‌و لەناو واقیعدا خەونێکە بۆ زۆرێك لەمرۆڤەکان بەدیهاتنی لە مەحاڵ دەچێت، ئەم سەرزەمینە هەزاران مرۆڤی تێدایە، کە لەبەر هۆکاری جیاجیا، نەك دنیای دی، دەستیان بەگوندەکانی خۆشیان ناگات. لێرەشەوەیە کە مرۆڤ بەدرێژایی سەردەمەکان هەوڵیداوە ئەم خەونەی خۆی لە سەر زەوی‌و لەناو واقیعەوە بۆ ناو زمان‌و فەنتازیا بگوازێتەوە. بۆ ئەمەش ئەفسانەو ئایین‌و سیحرو شیعرو چیرۆك‌و رۆمان‌و زۆر شتی دیکەی تاقیکردۆتەوە. چەند جوانن ئەو دەقانەی دنیا لەخۆیاندا تێکدەشکێنن‌و بەجۆرێکی دیکەی دروستدەکەنەوە؟ هەر دەقێك بیەوێت وەڵامدەرەوەی داواکانی مرۆڤ بێت، دەبێت یان دنیای خۆی هەبێت بۆ خوێنەرەکانی، یان یارمەتییان بدات لە گۆشەنیگای تازەو نەدۆزراوەوە جارێکی دی دنیایان پیشان بداتەوە. چەند جوانن ئەو گەشتانەی مرۆڤ بەرێگاگەلێکدا دەبەن کە پێشتر پیایاندا تێنەپەڕیووە؟! چەند جوانترن کە لەو رێگایانەوە بۆ دنیایەکی دەبەن پێشتر نەیبینیووە؟! لێرەوە دەمەوێت خوێندنەوەیەکی گشتیی بۆ دیوانی (پەنجاو سێ سترانی عاشقانە)ی شەمس لەنگەروودی بکەم، کە دیوانێکی بچکۆلانەی 80 لاپەڕەییەو مەریوان هەڵەبجەیی لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی‌و گۆڤاری ئایندە لە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خۆیدا چاپیکردووە. لەم دیوانە بچوکەدا جگە لە سترانەکان‌و پێشەکییەکی وەرگێڕ، دیدارێکی شەمس لەنگەروودییش بڵاوکراتەوە، کە بۆ من بەقەد سترانەکان چێژبەخش بوو. شەمس لەنگەرودی لەو شاعیرانەیە، کە هەوڵدەدات خوێنەرەکانی ((بەرێگایەکدا لە پەنای دەریاوە ببات، تا ئەو کاتە لە رێگایەکی ئاوهاوە سەیری دەریایان نەکردبێت)). ئەم شاعیرە لەو مرۆڤانەیە کە شتەکان، ئەگەرچی سادەش بن، بەسادەیی بەسەریدا تێناپەڕن. ئەم کەسێکە هەر رووداوو بەسەرهات‌و هەڵوێستێك دەتوانێت لەودا رەهەندی شاعیرانە وەربگرێت‌و لە رەنگرێژکردنی جیهانبینییە شاعیرانەکەیدا شوێنەوارێکی هەبێت، بۆ نمونە، ئەو دەڵێت: (( من منالیی خۆمم ونکردووە یاریم کەم کردووە، لەو رۆژانەدا کە لەجێگادا کەوتبووم، مۆڵەتی ئەوەم نەبوو بڕۆم بەڕێگادا، بەڵام ئەمتوانی بڕۆم‌و رێگا ببڕم، رۆژێك لەدوورەوە گوێم لەدەنگی منالان بوو، یاخیبووم‌و لەسەر قەرەوێڵکەم راپەڕیم‌و رۆیشتم، لەنیوەی رێگەدا کەوتم، ئیتر تێگەیشتم ژیان کەوتنی زۆری تیایە)). لێرەوەیە کە ئەم شاعیرە لە کەوتنی منداڵێکی نەخۆشەوە، کەوتنە زۆرو بەردەوامەکانی مرۆڤی ساغ‌و بەهێز تێدەگات. ئەم هەستکردن‌و درککردن‌و بینینە قوڵانە بۆ

ئەو خەڵکانەی بە کاری داهێنانگەراوە سەرقاڵن زۆر گرنگە. رەنگە ئەمە خاڵێکی جەوهەریی بێت لەوەدا کەشاعیرێکی قووڵبینو شاعیرێکی رووکەشبین لەیەك جیا دەکاتەوە. هەر شاعیرێك ئەم هەستکردنو درککردنو بینینەی نەبێت دەکەوێتە ناو ئاپۆرەو قەرەباڵخییەکانەوەو ناتوانێت تاك بێتەوەو دنیای تایبەت بەخۆی پێشکەشی خوێنەرەکانی بکات، یان دنیایان لەگۆشەنیگایەکەوە پیشانبدات، کەپێشتر لەو گۆشەنیگایەوە نەیان بینیبێت. شەمس سەرەتا شیعری کلاسیکی دەناسێتو دوای ئەوەی دەبینێت شتەکان تیایدا دووبارە دەبنەوە، هەستدەکات ئەم شیعرە ((بۆنی کەرووی سەدەی رزاوی لێدیت))و دەبێت مرۆڤ هەولبدات خۆی لێرزگار بکات. شەمس هێشتا لە خوێندندا لە قۆناخی ناوەندی دەبێت، کە جارێکیان بە رۆژنامەی دیواری قوتابخانەکەیەوە شیعرێکی فەرەیدون موشیریو شیعرێکی فەرەیدون تەوەللی دەبینێت.

ناوی فەرەیدون بۆ ئەو لە شیعردا شتێکی تازە دەبێت، لە رێگای ئەو ناوەوە تێدەگات کە ((هێشتاش شیعر دەنووسرێت)).

یەکەمین شیعریش کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شەمس داناوە، شیعرێکی فەرەیدون تەوەللی بووە بە ناوی (کارون)ەوە، کاریگەریی ئەم شیعرەش لای شەمس بۆ ئەوە گەراوەتەوە کە تیایدا باسی شتەکانی دەوروبەر کراوە، باسی کارون کراوەو ئیدی هیچ باسێك لەبارەی لێوو پەرداخو مۆمو پەپولەوە نەبووە، کە کۆمەڵێك میتافۆری کەرووگرتووی کلاسیك بوون. شیعری کارون کارێك لە شەمسی چواردە- پازدە ساڵە دەکات کە لەو سەرەتای تەمەنەدا ((هەموو کۆنێك بە نەفرەت بکات)).

شەمس لەبەر ئەوەی خەونی گەورەی هەیە، حەزناکات شاعیرەکانی بەر لەو قەزەمو بچوك بن، ئەو دەڵێت ((سەرکەوتن بەسەر قەزەمەکاندا ئاسانەو ئەوە کە شاعیرانێکی وەکو شاملوو فروخو سوهراب هەن، بۆ شاعیرە لاوەکان مایەی خۆشبەختییە)). ئەو لەبری ئەوەی بیر لەتێپەراندنی شاعیرێکی قەزەم بکاتەوە، یان بیر لە نووسینەوەیەکی دیکەی شاملو بکاتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە بزانێت شاملو چی نەوتوە ئەم بیڵێت، چی نەکردووە ئەم بیکات.

ئەم بیرکردنەوەیە کەتیایدا شاعیرێك خەون بەوەوە دەبینێت شاعیرە گەورەکانی بەر لەخۆیو هاوزەمانی خۆی تێبپەرێنێت، یان شتێك بخاتە سەر ئەزموونی ئەوان، یەکێك لە بنەما جەوهەرییەکانی داهێنانەو بەبێ ئەم بیرکردنەوەیە گەیشتن بە داهێنان وەکو گەیشتن بە سەراب وایە. شەمس هەستدەکات ((ناتوانێت بەهێزێکی دووانەیی چریکیو دلێکی رۆمانسیانەی شاعیرانەوە بنووسێت، تا لە ساڵی 1979دا هەموو شتێك بۆ ئەو دەگۆرێت))و بەو ئاکامە دەگات کە ((هەر جۆرە ئایدیۆلۆژیایەك بەندیخانەیەکەو هونەر باڵاترە لە

ئایدۆلۆژیا)). لای شەمس شیعر شوێنی بەدەستهێنانەوەی ئەو خەونو خۆشیو جوانیانەیە کە لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنییدا لە دەستی چوونو لە دۆزینەوەیان لەناو واقیعدا بێئومێد بووە. خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەگەر ژیان وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی من بوایە، رەنگە هەرگیز شیعرم نەنوسیایە)). ئەم شاعیرە لەبەر ئەوەی لە وڵاتێکدا دەژی کە لە دەشتێك دەچێت تیایدا هەر ساتەو سەرێك دەبڕدرێتو هەڵدەدرێت بە ئاسماندا، هەستدەکات جیهان لە حاڵەتی مەسخبوونو رزانداية. رەنگە ئەم هەستە هۆکارێکی سەرەکیی بێت لەوەدا کە مەسخەکەی کافکا بە کتێبی پیرۆزی سەدەی بیستەم دەزانێت.

لای شەمس ((مرۆڤ چیایەکی سەهۆڵینەو دوو لەسەر سێی لەژێر ئاودایە))و تێگەیشتن لێی قووڵبوونەوەی دەوێت. ئەو پێیوایە لەم وڵاتانەی ئێمەدا ((کۆمەڵگە هێدی هێدی بەرەو مۆدێرنیتە دەڕوات، بەڵام دەروونی کۆمەڵگا جنۆکە گرتوویەتی))، ((مرۆڤەکان بۆینباخ دەبەستن بەڵام مێشکیان جنۆکەی تێدایە)). دەتوانین ئەم بۆچوونانە وا بخوێنینەوە کە ئەگەر سوهراب داوایکردووە چاومان بشۆرینو بەجۆرێکی دی لە ژیان بڕوانین، ئەوا شەمس داوامان لێدەکات مێشکمان بشۆرینو بەجۆرێکی دی بیر لە ژیان بکەینەوە.

لای شەمس ((تەنیاترین پێویستیی هونەر دڵسۆزییە))و ئەو شتەی کە وایکردووە سوهراب، بەبێ ئەوەی وشەیەك دووابێت، بەچەند دێڕ بمێنێتەوەو نەمر بێت، دڵسۆزییە. ئەوەی وا دەکات شیعری فەرەیدون موشیری بمێنێتەوە ئەوەیە کە شیعری ئەو دڵسۆزانەیە. بەم مانایە یەکێك لە خەونە قووڵەکانی شەمس ئەوەیە شیعرەکانی دڵسۆزانە بن. تا ئێرە قسەکانی ئێمە لەسەر روانینو تێگەیشتنو جیهانبینی شەمس بوو بەرانبەر بە دنیاو مرۆڤ و شیعرو هەندێ شتی دی، لێرە بەدواوە هەوڵدەدەین هەندێ قسە لەسەر شیعرەکان بکەینو هەوڵی خوێندنەوەیان بدەین.

دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی شەمس لەنگەروودی، یەکەمین هەستێك کە لە مندا درووستبوو ئەوەبوو کە گومانم نەبوو لەبەردەمی شاعیرێکی گرنگدام. هەستمکرد شیعرێك دەخوێنمەوە جیاوازە لەو شیعرانەی پێشتر خوێندوومنەوە. هەر لەخۆمەوە کۆڵۆمبسم بیرکەوتەوە کە ئەمریکای دۆزییەوە، هەستمکرد منیش کیشوەرێك یان راستتر دنیایەکی تازەم دۆزیوەتەوە. ئەم هەستە بۆ من مایەی خۆشحاڵییەکی گەورە بوو. بەم بۆنەیەوە زۆرترین پیرۆزباییو گەرمترین دەستخۆشی لە مەریوان هەڵەبجەیی دەکەم کە ئەم دەقە جوانانەی هەڵبژاردووەو بەو زمانە جوانە کردوونی بەکوردی. هەڵبەت دەبێت ئەوەش بڵێم کە من فارسی نازانمو قسەکانم تەنها پەیوەندییان بەوەرگێڕانە کوردییەکەوە هەیە.

من لەم خوێندنەوە کورتەدا دەمەوێت قسە لەیەك لایەنی شیعرەکانی شەمس لەنگەروودی بکەم، کە ئەویش مەسەلەی ناڕاستەوخۆییە لە زمانو وێنەی شیعرییداو ئەمەش بەلای منەوە دیارترین تایبەتمەندیی شیعری ئەم شاعیرەیە.

شەمس، بۆ ئەوەی خۆی لە شیعرێکی راپۆرتئامێز بپارێزێتو گەمەیەك بەوشەکان بکاتو لە تەنیشتی یەکیان هەڵبگرێتو بەجۆرێکیان دابنێتەوە لە زاکیرەی خوێنەردا بمێننەوە، هەوڵدەدات هەرگیز، یان زۆر دەگمەنو بە ناچاریی نەبێت، شتەکان بە راستەوخۆیی دەرنەبڕێت. بۆ نمونە کاتێ دەیەوێت بە دڵدارەکەی بڵێت: من ناتوانم تۆ لە بیری خۆم ببمەوە، دەڵێت:

**لە بیرم کردوویت**

**وەك چەقۆیەك لە دڵدا**

چەند دەربڕینێکی سادەو چەند شاعیرانەیە، ئاخر کێ هەیە لە دنیادا بتوانێت چەقۆیەك لە نێو دڵدا لەبیر بکات؟! ئاخۆ بەڕاستی ئەوانەی قوڵ قوڵ لەنێو دڵماندا دەژین، لەبیرکردنیان لە لەبیرکردنی چەقۆیەك ناچێت لە دڵدا؟! چەقۆ هێمایەکی ئاشکرای دڵڕەقیو ئازاربەخشینەو شەمس دەیەوێت لە رێگای ئەم تەشبیهەوە پێمان بڵێت عەشق ئەوەندە بەدەسەڵاتو خاوەن جەبەرووتە کە رەنگی خۆی تەنانەت بە دڵڕەقیو ئازاریش دەبەخشێتو واش لە مرۆڤەکان دەکات کە ئەویان خۆشویستو قەدەری خۆیان بەو سپارد، ئیدی هەموو ئەو شتانەشیان خۆشبوێت کە رەنگی ئەویان لەخۆگرتووە.

***

**خۆشمدەوێیتو**

**نەخشەیەك لە بەهەشتەوە دەبینم**

**لە دوورەوە**

**لەگەڵ دوو رووباری هەنگویندا**

**بە خشکە خشك**

**خۆیان دەگەیەننەماڵەکەی من.**

چەند جوانە، بۆ ئەوەی بە دڵدارەکەی بڵێت تۆ بەهەشتی منیت، یان تۆ بەهەشت بۆ من دەسازێنیت، چ حەشاماتێکی شاعیرانەی رەخساندووە.

بالی لەنەخشەیەکی بەهەشت رواندووەو رووبارە هەنگوینەکانی بەهەشتی بە رادەیەك بەعەشقی خۆی سەرسام کردووە، کە ئۆقرەیان لێهەڵگیراوەو بە خشکە خشك خۆیان دەگەیەننە ماڵی ئەو، کە ماڵی عەشقە لە راستییدا. بۆ ئەوەی باشتر لە ناراستەوخۆیی زمانو

وێنە شیعرییەکانی شەمس تێبگەین، دەبێت بپرسین: بۆچی نەخشەکە یەك نەخشەیەو رووبارە هەنگوینەکان دووان؟ نەخشەکە کامەیەو رووبارەکان کامانەن؟ دەشێت نەخشەکە خودی دڵدارەکەیەی‌و رووبارە هەنگوینەکانیش مەمکەکانی دڵدارەکەی بن.

شەمس بەم شێوەیە پێمان دەڵێت: دڵدارەکەم لەجوانییدا نەخشەیەکی بەهەشتەو مەمکەکانی دوو رووباری هەنگوینن. ئەو دەتوانێت بە جوانی‌و میهرەبانییەکانی خۆی دیارییەك لەبەهەشتەوە بە چاوو بە روحی من ببەخشێت‌و دوو روباری هەنگوینیشم بخاتە بەردەست، تاکو بتوانم ئۆقرە بگرم‌و هەست بە ئارامیی بکەم.

بەڵێ ئەو بە جوانی‌و میهرەبانییەکانی خۆی ئەم کارە بۆ من دەکات‌و منیش بە سترانە عاشقانەکانم‌و بە دڵە لێوانلێو لە عەشقەکەم ئەوەتا باڵم لەو رواندووەو رووبارە هەنگوینەکانیم خستۆتە سەماو واملێکردوون بە خشکە خشك خۆیان بگەیەیننە ماڵەکەم.

***

**بۆنی کراسەکەت وەك بەفری بەهار هەموو ژوورەکانی سپیکردووە.**

ئەمە لەبری ئەوەی بڵێت بۆنی کراسەکەت ماڵی من سپی‌و رووناك دەکاتەوە، یان لەبری ئەوەی بڵێت تۆ ماڵی من سپی‌و روناك دەکەیتەوە. بێگومان کراس دەلالەتێکی (جنسیی) هەیەو شەمس دەیەوێت زۆر ناڕاستەوخۆ بڵێت من ناتوانم عەشق‌و جنس لەیەکدی جیابکەمەوەو تەنها بە رووبارە هەنگوینەکان –کە ئەوانیش دەلالەتی جنسییان هەیە بەڵام بەجۆرێکی دی– ئۆقرە بگرم‌و ئارام ببمەوە.

دەیەوێت پێمان بڵێت ئەوە جنسە لەگەڵ خۆشەویستەکانماندا کە دەتوانێت وەکو بەفری بەهار روحمان فێنك بکاتەوەو ژوورە رەش‌و تاریکەکانمان بۆ سپی‌و رووناك بکاتەوە.

شتێکی دی کە وامان لێدەکات ئەم کۆپلەیە بەم شێوە جنسییە بخوێنینەوە، بۆنی ئەو کراسەیە. بۆن جگە لەوەی پەیوەندی راستەوخۆی بە خەبەرکردنەوەی هەستی جنسییەوە هەیە لە مرۆڤدا، پەیوەندی قوڵی بەو شتەشەوە هەیە کە ئەو بۆنەی هەڵگرتووە. بۆنی کراس لە راستییدا بۆنی لەشی خاوەنەکەیەتی. واتە شەمس ویستویەتی بڵێت بۆنی لەشی تۆ نەك کراسەکەت، یان راستتر لەشی تۆ نەك کراسەکەت، روحی داگیرساوی من فێنك دەکاتەوەو ژیانی رەش‌و تاریکم سپی‌و رووناك دەکاتەوە. وەڵێ ئەو لەبری ئەم راستەوخۆییە هەوڵییداوە بەو ناڕاستەوخۆییە ئەمە بڵێت، کە وتویەتی.

***

**تۆ خوری پشکوتوویت‌و**

**خوێنی گێلاسە نەگەیوەکان لە خۆتدا دەشاریتەوە.**

شـەمس لـە ڕێگـای ئـەم چـواندنانەوە بەشـێوەیەكی زۆر ناراسـتەوخۆو شـاعیرانە وەسـفی دڵدارەكەی دەكات كە ڕەنگی سوورو سپی، یان سپیو ئاڵە، وەلێ وەك دەبینین بەهیچ جۆرێك نە وشەی سپیو نە سوور، یان ئاڵی بەكار نەهێناوە.

***

**نغرۆبە**

**نغرۆبە لە ئاوی دەریاچەكانداو ئاوەكە بشۆ**

**نغرۆبە لەدەشتی ئاگری تینووداو ئاگر گەرمبكەرەوە**

**دەم بخەرە ناو دەمی زەوی**

**گیانێكی نوێ بەم مردووە ببەخشە.**

وەك دەبینین شەمس لێرەدا لـەبری ئـەوەی بڵێت تـۆ دەتوانیـت ڕوحـی مـن، یـان ژیـانی مـن بشۆریتو پاكی بكەیتەوە، ناڕاستەوخۆدەڵێت تۆ دەتوانیت ئاویش بشۆریت!

لـەبری ئـەوەی بڵێـت تـۆ دەتوانیـت ڕوحـی مـن، یـان ژیـانی مـن گـەرم بكەیتـەوە، بـە ناڕاستەوخۆییەكی شاعیرانەدەڵێت تۆ دەتوانیت ئاگریش گرم بكەیتەوە.

لەبری ئەوەی بڵێت تۆ دەتوانیت دەم بخەیتە ناو دەمی منو گیـانێكی نـوێم پێببەخشـیت، كـە بـێ تـۆیی وەكـو مردوویـەكی لێكـردووم، دیسـان ناڕاسـتەخۆو شـاعیرانەدەڵێت تـۆ دەتوانیـت گیانێكی نوێ بە زەویش ببەخشیت كە بەبێ تۆ ئەویش مردووە.

**پێبكەنەو**

**كەشتییەكی ئاوارە**

**ڕێنمایی بكە بەرەو دوورگەیەك**

**كە تەنیا كاڵای بۆ تۆ پێیە.**

ئەمە لەبری ئەوەی بڵێت من كە من هەموو كاڵاكانم بۆ تۆن، بەبێ تـۆ سـەرگەردانمو نـازانم ڕوو بكەمە كوێو بچمە لای كێ؟

شەمس لەجیاتی ئەوەی بڵێت تۆ لەمانگ جوانتریتو ئـەو سەرسـامە بـە جـوانی تـۆ، دەڵێـت:

**مانگ هەزار ساڵە دوایین دەستنووسەكانی خۆی بۆ تۆ دەنێرێت.**

لـە جیـاتی ئـەوەی بڵێـت مـن بۆیـە دڵـم بـەمرۆڤبوونی خـۆم خۆشـە، كـە دەتـوانم لەگـەڵ تـۆ قسەبكەم، دەڵێت:

**باو هەوا بیر لەوە دەكەنەوە**

**بۆچی مرۆڤ نین**

**تا لەگەڵ تۆدا بدوێن.**

لەجیاتی ئەوەی بڵێت عەشق دەتوانێت لە تاریکترینو رەشترین رۆژو مانگو ساڵەکاندا دڵو روحو بوونی مرۆڤ رووناك بکاتەوە، دەڵێت:

**ئەمشەو**

**زەریاکان رەشن**

**با ورتە ورتی رەشە**

**باڵندەو گێلاسەکانیش رەشن**

**دڵی من رووناکە**

**تۆ دێیت.**

دواجار لەجیاتی ئەوەی بڵێت تۆ نرخ بە ژیانو بوونی من دەبەخشیتو نەمرم دەکەیتو دەمبەیتە ئاستی (حافز)ەوە، دەڵێت:

**شووشەیەکی ساختە بووم**

**کردتم بە بلوور**

**زارێکی بێکەڵك بووم**

**کردتم بە ئایەتی نوور**

**تارماییەك بووم**

**کردتم بە هەتاوێك**

**دەنگە دەنگێك بووم**

**کردتم بە مۆسیقای ڤاگنەر**

**لەبەردێکی شکاوەوە**

**بە بودایەك،**

**لە تەقینەوەی ئەستێرەیەکەوە**

**منت کردە نەیزەکێك**

**تا بفڕمو**

**بکەومە ناو غەزەلەکانی حافزەوە.**

ئیدی لەم جۆرە دەربڕینو دەستەواژەو وێنە شیعرییانە لای شەمس زۆرنو ئامادەیی بەردەوامیان هەیەو توانیویانە زمانی ئەو بکەن بە زمانێکی شیعریی چڕو ناڕاستەوخۆو ئیحابەخشو خەیاڵ تەقێنەرەوە، وەلێ بەداخەوە ئێمە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە هەموویان بەسەر بکەینەوە. هیوادارین توانیبێتمان بەو چەند نمونەیە مەبەستەکەمان بەباشی روون

بکەینەوە. دووبارە پیرۆزبایی‌و دەستخۆشی لە وەرگێڕی ئەم دیوانە (بچوک، بەڵام گەورە)یە دەکەم.

* ئەم خوێندنەوەیە بە دوو بەش لە ژمارە (7و8)ی هەفتەنامەی (پەیك)دا بڵاوبۆتەوە.